## چونەکەی سەرۆك کۆماری کوردستان (بارزانی) بۆ لای بووش ، ناشێت ببێت بەیەکەم پێپلیکانەی ئەو بەیژەیەی کە بگاتە سنووری دەوڵەتێکی کوردی....؟؟؟؟



ئەندازیار کەمال غەریب ك.

2005-10-09

هەموو دەزانین ، ئەمڕۆ کورد لە هەموو کاتێك باشترو ڕوونتر و ئازاتر دەتوانێت خۆی بکات بە خاوەنی هاوکێشە سیاسییە وونبووەکانی بە تایبەتی ئەوەی پێی نەکرا یان نەیتوانی بیکات (بەهۆی شەڕی ساردی کوردییەوە) یان ڕێگەیان پێنەدا بیکات (بەهۆی سواری داشی تورکیاوە ) لە سەرەتای لێدانی ڕژێمی ئارەبی لە ئێراقدا .بەتایبەتی ئەمڕۆ تۆپی کورد بێگۆڵچی لە بەردەم مالی بووشدایە. زۆرکەس وای بۆ ئەچن ، چونی سەرۆك بارزانی بۆئەمریکا بۆ گوێ ڕاکێشانە. گەر کورد لەو خەتە سوورانە دەربچێت ، ئەوا توورەکە ڕەشەکە میوانیان دەبێت. هەر وەك نۆرێگا و هاوڕێکانی. بەڵام من بەم شێوە نێگەتیفییە ، بیری لێناکەمەوە ، بەڵکوو ئەتوانم بێژم ئەمڕۆ بازنەی بەرژەوەندییەکانی کورد و ئەمریکا یەك ئەگرنەوە ، هەروەها مێژووی ئەم چەند ساڵەی گەڕەکانی ئەمریکا و شەڕەکانی لەگەڵ کەمپی ناحەزدا سەلماندوویەتی کە ئەمریکا لەگەڵ کوردا دەتوانێت ، سۆزی سیاسی ( واتە کۆمپرۆمی ) درێژخایەن مۆر بکات. بەڵام ئەوەی کۆلکەی یاریدەدەری چالسازی ئەم هاوکێشهانەیە سیاسیانەی کوردە بۆ مامەڵە لەگەڵ یارەکانی وەك ئەمریکا ، پێویستە کورد گەر بۆ بەندی زەمانەش بێت ، یەکجار بە ئەمریکا بڵێت : بەڵێ نا....!!! تا ئەمریکا لەوەزیاتر خۆی لاگومڕانەبێت و بزانێت کە کورد ئەڵماسی سیاسی بەرژەوەندییەکانی بوو ، بەڵام لە دەستی خۆیدا ، گەر نێگەتیفانە مامەڵەی کرد.

ئەوەندەی ئەمڕۆ ئەمریکا پێویستی بە کوردە بۆ سڕینەوەی شەرمی شکاندنی سیاسی و سەربازی لەم یارییە شەترەنجەی لەگەڵ ئارەبدا درووستی کرد.هێندە کورد گەر زۆر لە بارێکی داماویشدا ببوبێت ، پێویستی بە ئەمریکا نەببوە گەر کورد کەسیش نەبووبێت خێری دەرمان و خۆراکی پێبکات. نەك پێویستییەکانی شەڕێکی پەنجا ساڵی لەگەڵ ملۆزمێکی وەك 22 دەوڵەتی سەدامیدا. هەر بۆیە ئەمڕۆ هەر هەموویان شەری مەرگی ڕژێمەکەی ئەکەن ، چونکە ئەو شەڕەی سەدام ئەیکرد دژ بە نەتەوەی کورد لە بری هەموو ئارەب بوو ، بە سوور و ڕەشییانەوە. ئەمریکا بێ شك خاوەنی جەزایرگێتە لەگەڵ هەمان سەدامی دەستبەسەردا ، وەك دادوەر و تاوانبار ئەمڕۆ ڕووبەرووی یەکتری بونەتەوە. هەریەکەیان مەلەفی ئەویتریان چاك دەزانێت ، خۆیان زۆر چاك دەزانن چەند منداڵی زۆڵی سیاسیان بە ڕەسەن ئارەب و ئەمریکیی دروستکردووە ، بۆیە پێویست بەوە ناکات کورد بزانێت ، بووش و بووشەکان کێن و چین

و جیهان ئەویت و چۆن کورد بەکاردێنن وەك پەیژەی دز . بۆیە وەستان بۆ تاکە چرکەیەکیش بێت بۆ کورد و سیاسییەکانی ، ئەبێت ببێت بۆ گوژم بەستنەوە بۆ خەباتێکی تر و ملمانێیەکی تر . بەردی ئەلحەد بۆ سەرکردەکانی کورد گەر بە زۆریش خۆیان کردبێت بە خاوەنی ئەم پلەوپایە لەودایە کە بۆ یەکجار بیسەلمێنن کە کورد و کوردستان لە سەر و خێڵ و حیزب و بەرژەوەندییەوەیە..!!! ، ووریایی و زرنگی و بەئاگاهاتنی کورد هەنووکە لەوەدایە کە کورد دووبارە نەڵێت ، نەمزانی یان باروزروفی وولاتانی هەرێم لەبار نەبوو ، چونکە تا کورد لەم نیشتیمانەدا بێتو خۆی بە خاوەنی بزانێت ،خاوەنی ئەم سنوورە مین پڕێژکراوانە ئەبێت لەگەڵ ئەم سەروەمێژەرانەدا ، بۆیە ، گەر نەتەوەك بیەوێت ببێت بە خاوەنی بوونی خۆی ئەبێت ، نەبەرد و وورەبەرز و سەربەرز بێت لە بڕیارە سیاسییەکانیدا (بەتایبەتی شازی پیاوە سیاسییەکانی) ،وە هەرگیز ناتوانێت دڵی نەتەوەکەی و داگیرکەرەکەی ڕازی بکات ( گەر لەسەر بەرژەوەندی یەکێکیان نەبێت ) ، هەر ئەمەشە ڕاستی سیاسی نەك فروفێڵ و گەل لە خشتەبردن ( هەر وەك چۆن لە شەری دە ساڵی کردیان کەمپی سەوز و زەرد)، کوتاییەکەشی نەتەوەی کورد دۆڕا ، چونکە ئەو هەموو توانا ئابووریی و مرۆڤیانەی کە بی سوود سەرف کرا لەم مەنجەنیقی شەرەدا بە قوربانی یەك ئافەرینی داگیرکەران کرا.

ئەم قسانەی سەرەوە تەنها بۆ زام کولانەوەی مێژوو بوو تا خێراتر بە ئاگابێتەوە ، سەرانی کورد ئەمرۆ ئەبێت بزانن کورد و ڕۆشەنبیرانی بە تایبەتی نەنوستوون ، وە هەر فاوڵێکی سیاسی گەر فیکەشی بۆ لێنەدرێت هەر فاوڵە. هەڕەشەکانی بارزانی لە ئارەبەکان لە سەر کەنالی ئەل-ئارەبییە هێشتا تۆزی لە سەر نەنیشتووە ، کاتێك هەڕەشەی لە داگیرکەران ئەکرد لە سەر خواستەکانی کورد لە ئیراقی ئایندەدا ، بەڵام دوای قبوولکردنی دەستور و پرۆپاگەندەکردن بۆ سەرکەوتنی ، کە بە زمانی بەرێزیشیان هەموو خواستەکانی گەلی کورد لە خۆی ناگرێت ، ببوە هۆی دروست بوونی هیوادۆراندن لە لایەن گەلی کوردەوە...!!

ئەمڕۆ سەرۆك بەرزانی ئەبێت لە وورە و هەڵوێستی کوردە ،ناڕاستەوخۆ بانگی سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیەنێت ، بۆ سەرجەم جیهان و ئەمریکا ، لێرەوە یەکەم هەنگاو وەرگرتنی کوردە بە چاودێری سیاسی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان( وەك قەڵغانێکی نێونەتەوەیی لە بری خەتی 36ی گۆڕکراو )یان ئەڵترناتیڤێکی سیاسیتر ، تا نەتەوەی کورد بزانێت ئەم هەموو ملکەچییە بۆ بەخشندەی ئەمریکی لە پێناوی چیدایە. .ئەوەی ڕازی نەتەوەی کوردە بۆ جیهان و بە تایبەتی ئەمریکا لەوەدایە ، کە کێشەی نەتەوەیەکی 50 ملیۆنی لە کێشە مرۆییەکان دەرچووە و کورد خوازیار نییە بەو شێوەیە مامەڵەبکرێت کاتێك شەری سیاسی و مانونەمان ئەکات بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو دۆستەکانی لەسەر حسابی نەتەوەکەی...!!

وە بە بانگ و داخوازی ئەمریکا ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەتوانێت ببێت بە ناسینەوەی عەیاری ئەمریکی لە هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە کورد ( دوایی جەزایرگێت )کە تا ئەمڕۆ برینەکەی ساڕێژنەبووە. گەر نا

واتە ڕەفزی ئەمریکی : ئەوە شاخ و تێکشکاندنی خەونەکانی بووش و قڵپبوونەوەی مەنجەڵی داخبووی سەر ئاگر بەسەر بووشەکانی داهاتووشدا، ئەو کاتە ڕۆژێك دێت ئەمریکا بگاتە ئەو بڕوایەی کە تا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بمێنێت لە ئەمریکا حەرام ئەبێت ، نەك تەنها لە مانگی ڕەمەزاندا..!!!